بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بــڕیــار

**ژمارە ( 15 )ی ساڵی 2014**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو پێمان دراوە، بڕیارماندا بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (23)ی ساڵی 2014 کە پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (3) لە 2014/9/30 پەسەندی کردوە :**

**بڕیاری ژمارە ( 23 )ی ساڵی 2014**

**ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان – عێراق**

**پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (56) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (3)ی ڕۆژی 2014/9/30 ئەم بڕیارەی دا :**

**یەکەم : پارێزگای هەڵبجە پایتەختی ئاشتی کوردستان – عێراقە .**

**دووەم : لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆنفراس و کۆڕ و کۆبوونەوە و مەراسیمی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و پەیامی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەو پارێزگایە ساز دەکەن و ، حکومەت بودجەیەکی تایبەتی ساڵانە بۆ ئەم مەبەستە دیاری دەکات 0**

**سێیەم : پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم ئەو پێداویستیانە مسۆگەر بکات کە پایتەختی ئاشتی دەیخوازێت .**

**چوارەم : پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن و پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی دەربکەن .**

**پێنجەم : کار بە هیچ دەقێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا ناکرێت .**

**شەشەم : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر**
2014/10/26

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

**لە پێناو کەمکردنەوەی لێکەوتەی تاوانەکانی جینۆساید لەسەر قوربانیانی پارێزگای هەڵەبجە و گەیاندنی پەیامی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە کوردستانەوە بۆ جیهان ، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا .**